Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.07.14 22:46:42 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

# وشەی جوان

حەمەسەعید حەسەن

شاعیر بە بەردی وشە تەلاری مێژووی ڕۆ دەنێ،
بە زەبری وشە
چارەنووسی خۆی دەستنیشان دەکا،
هەر بە ئەفسوونی وشە ترسیشی کردە ئەفسانە.
سوپاس وشەی جوان
کە لەژێر چنگی غەریبی هەڵدێم،
تۆ داڵدەم دەدەی.

هۆزانڤان
گومانی لە هەموو شتێکە و
کوێرانە متمانەی بە وشە بەخشیوە.
گەر چەکی
وشەی جوان نەبووایە،
من بە چی سەنگەرم
لە حیزب و دەسەڵات گرتبا!

هەر کاتێ دنیا
ڕەش هەڵبگەڕێ
تریفەی وشە ڕۆحم دەکاتە پەلکەزێڕینە،
کە دەرگاکانم لێ کڵۆم بدرێن
کلیلی وشە دەگاتە فریام.

تۆوی شیعری بالآبڵند
لە عەردی گیانی نەویدا سەوز نابێ.

2002. 07. 14